# جوانی و سوودی پەنجەوانە لە وەرزی زستاندا



سەرمای زستان، لەگەڵ ئەوەدا کە وەرزێکی ڕۆمانسییە و پڕە لە دیمەنی جوان و سەرنجڕاکێش وەك : باران بارین و سەرما و دیمەنە جوانەکانی بەفر و تەرزە و شتی دیکە، کەچی هەندێك جاریش ئازاری خانمان دەدات لە سەرمابوون و تووشبوون بە چەند نەخۆشییەکی پێست و جەستە، بەهۆی ئەوەی پێیستی خانمان تا رادەیەك ناسکە و بەمەش ئەزیەت پێگەیاندنی لەلایەن سەرماوە کارێکی ئاسانە، بە تایبەت ئەو بەشانەی لە جەستەدا هەردەم لە دەرەوەن، وەك: رووخسار و دەســت و مل، هەرچی بۆ رووخسارە شــتێکی وەها نییە داپۆشیێ، کەچی چارەسەری بۆ مل و دەست دانراون، سەبارەت بە مل، دەکرێ خانمان سوود لە شاڵ و ملپێچ وەربگرن،هەروەها مۆدەیەکیش بێت لە بواری جوانکاریدا، دواتریش بۆ پارێزگاریی دەســت، چارەســەری ئەویش پەنجەوانەیە، وەك یەکێك لە ئێکسسوارە نا سەرەکییەکان دادەنرێ و خانمان دەتوانن ســوود لەو ئێکســـوارە وەربگرن تاوەکو دەستەکانیان گەرم بن و دوور بن لە سەرمای زستان، لەلایەکی دیکەشەوە مۆدەیەکی جوانە و رازاوەییە کاتێك پەنجەوانەیەکی یەکێك لە ستایلە بەناوبانگەکانی جیهان لە دەســتیان دەبیێ، بۆ رەنگی پەنجەوانە، ئەوەش لەسەر خواستی خانمەکە دەوەستیێ لەوەی چ جۆرە رەنگێك هەڵبژێرێت بۆ گونجاندنی لەگەڵ ستایلەکانی جلوبەرگدا.

## چاکێتی کورت شازی مۆدەکانە



یەکێك لە جلە سەرنجڕاکێش و جوانەکانی وەرزی زستان، کە تەنیا لەو وەرزەدا شوێن پێی خۆی دەبێت و جوانیی خۆی دەسەپێنیێ، ئەویش چاکێتەکە، یەکێکە جوانترین جلە لە بواری ستایل و جوانیدا،، لە کاتێکدا لەگەڵ گشت جۆرە جلێك دەپۆشریێ و شــێوازی گونجاندنیشی ئاسان و ڕێکدەکەوێت. شێوازی چاکێت زیاتر لە دوو بەشــدا پێکدیێ، یەکێکیان بە چاکێتی درێژ ناســراوە، ئەوەی تاوەکو ســەر ئەژنۆ دەبیێ، ئەمەش زیاتــر لەگەڵ ژێرەوەی تەنك لەبەر دەکریێ، وەك پۆشــینی چاکێتی درێژ لەگەڵ بۆدی و قەمیســێکی ناسك و تەنك، جۆری دووەمیشــی چاکێتی کورتە و تاوەکو نزیکەی سەر کەمەریان بەرەو خوارەوەتر دەبیێ، ئەمەش یەکێکە لە ستایلە سەرنجڕاکێشەکان، بە جۆرێك هێمایەکی جوان و بە نرخی هەیە، ئەم جۆرە چاکێتانە، جەستە ڕێکدەخات و زیاتریش ئەوانەی جەستەیان لاوازە یان هەر شێوەیەکی دیکەیە، لەگەڵ ئەو جلەدا ڕێك و شیاو دەبیێ، بەهۆی ئەوەی یەك شــێوە یان یەك پارچە خۆی نیشان دەدات لە کاتێکدا چاکێتەکان چەندە ســادە و ســاکار بن، ئەوەندە جوانتر دەردەکەون.

# ماکیاژی سپی بۆ پشتە چاو

هەنگاوەکانی جوانکاری لە بواری ماکیاژ و دانانی لێواری سپی و پشت چاو، بە ڕێگەیەکی سادە و ناسك دادەنرێ، وێڕای ئەوەی جوانییەکی بەرچاوی هەیە، گرنگترین هەنگاوەکان بۆ ماکیاژی چاو دانانی پشت چاو و شێوازە جیاوازەکانی دانانی ڕەنگەکان بۆ چاو، هەر یەکە بە ڕێگەیەکی ئاسان دەبێ، تەنیا ئەوە نەبێ کە خانمان دەتوانن لە ڕێگای دانانی پشت چاو، یان لێواری سپی دەرەوەی پشت چاو، جۆرێك لە سەرنجڕاکێشی بۆ ماکیاژی چاوەکانیان ئامادە بکەن، لێرەدا بە چەند هەنگاوێك دەتوانین هێڵی سپی دەرەوەی پشت چاو ئامادە بکەین : سەرەتا بە فڵچەی پشت چاوەکان، پاك و تەبەقەیەکی وردی سپی دادەنێین، دواتر بە فڵچەی بچووك هێڵێکی ڕەش و بچووك دادەنێین لەسەر برژانگی سەرەوەی چاو، دواتر ڕەنگی شین تێکەڵ دەکەین لەگەڵ ڕەشەکە و پاشان بە فڵچەیەکی دیکە، ماکیاژ و بۆیەی سپی لەسەرەوەی هێڵە ڕەش و شینەکە دادەنێین، پاشانیش هەندێك وردە بۆیەی سپی دەخەینە سەر هێڵە ڕەش و شینەکە، زیاتریش لە ڕەنگی نیلی خۆی دەردەخات و لەگەڵ وردە خاڵە بچووکەکانی ڕەنگە سپییەکە جوانییەکی ڕەها دەنوێنن.



# پێڵاوی پاژنەبەرز و ڕەش بۆ زستان و ساڵی (٢٠١٤)

لەلایەن پسپۆرانی جوانکارییەوە دەگوترێ، یەکێك لە سەرەکیترین بەشەکانی مۆدە و جوانکاری، پێڵاوەکانە. ئەمەش بە یەکێك لە مۆدە گرنگەکان دادەنرێ لە بواری مۆدە و ستایلدا، چونکە ئەگەر خانمێك هەر جلێکی جوانی لەبەر بێ، یان ستایلێکی ڕێك دروست بکات لە مۆدە جیاوازەکان، بەڵام کاتێك ئەگەر پێڵاوەکەی یان ڕەنگ و شێوەی پێڵاوەکەی لەگەڵ جلەکانی شیاو نەبوو، کەواتە جوانییەکی ناڕێکی دەست دەکەوێ و هەوڵەکانی بێ ئەنجام دەبن، زیاتریش لە مۆدە جیاوازەکاندا لەو کاتەی جلوبەرگ دەگاتە لوتکەی جوانی خۆی، ئەگەر هەماهەنگییەکی تەواوی هەبێ لەگەڵ ڕەنگ و نەخش و ستایلی پێڵاودا، زیاتریش لەگەڵ مۆدە تازەکانی وەرزی زستان و سەرمادا، زیاتر بایەخ دەدرێ بە پێڵاوی پاژنە بەرز، بەهۆی ئەوەی جلەکان لە ئاو و پیسی سەر زەوی دەپارێزێت و ئەمەش بەهۆی بڵندیی پێڵاوەکەیە، بە تایبەت لە وەرزی زستاندا زیاتر زەوی تەڕ دەبێ و جار جارەش دەگاتە جلەکان، یەکێك لە نایابترین مۆدەکانی پێڵاوی پاژنەبەرز بۆ وەرزی زستان و ساڵی (٢٠١٤)دا، پێڵاوی ڕەنگ ڕەش و پاژنەبەرزە، بەمەش دەکرێ نموونەیەکی جوانی جۆرەکانی پێڵاو بێت بۆ خانمان.



# ئەڵقەی ئەڵماس نموونەیەک لە لووتکەی جوانی

زۆر ئێکسسوار، هەندێك جار خانمان نارەحەت دەکەن لەوەی چۆن بتوانن یەکێکیان هەڵبژێرن و لە کاتێکدا زۆرێك لە ئێکسسوار هۆکارێکی جوانی گرنگە لە بواری مۆدە و لایەنەکانی گونجاندنی ئێکسسواردا، بە تایبەت کاتێك ئەو ئێکسسوارە لە نەخش و شێوەیەکی بەرچاو بێ، یان لەگەڵ ڕێچکە و ڕێساکانی بواری جوانکاری ئامادەکرابێت و جوانترین و نایابترین مۆدەی لێ دەربکەوێ، لێرەشدا تیشك دەخەینە سەر ئەو چەند ئێکسسوارەی کە لە پەنجەی دەستەکاندا بەکاردەهێنرێن و دەپۆشرێن، سێ جۆری سەرەکیی ئێکسسوار هەن، وەك مۆدەیەکی سەرەکی و ئامادەکراو لە پەنجەکانی دەست دەخرێن، ئەوەی یەکەمیان زیوە و ئەوانەی دیکەش هەر لە زێڕ و ئەڵماس سێ مۆدەکە پێکدەهێنن، ئەگەر چی فەرامۆشکردنی زۆر لەلایەن خانمانەوە دەبینرێ بۆ جوانیی زیو، لەلایەکی دیکەدا گرنگییەکی ئەوتۆیان بە زێڕ داوە، لەگەڵ ئەوەش ئێکسسوارەکانی ئەڵماس بەرزترین هێمای جوانی دابین دەکەن، ئەڵماس وەك یەکێك لە کانزا نایاب و جوانەکان، شێوازێکی کراوە و ڕازاوەی هەیە، لەگەڵ ئەوەشدا خانمان دەتوانن لە بری ئەوەندە گرنگیدان بە زێڕ، چاوێك بە زیو و ئەڵماسیشدا بخشێننەوە.



# بەڕوو خواردنێکی بە تام و خۆش !



کوردستان بە چەندین سامانی سرووشتی و دار ودرەخت بەناوبانگە، بە تایبەت لە بواری کشتوکاڵ و درەختی خۆڕسکدا، چەندین جۆرە دار هەیە لە خۆیەوە دەڕوێ و سوودێکی زۆریشی هەیە لە ژیانی کوردەواری، یەکێك لەوانە دار (بەڕوو)ە، بەڕوو دارێکی بەهێزە و بەربوومەکەشی خواردنێکی خۆشە، داربەڕوو بەوە ناسراوە کە دارێکی بەهێزە و تەنیا لەو کاتەی نەمامە یان تەڕە دەتوانرێ کاری لەسەر بکرێ بۆ دروست کردنی کەرستە و شتی دیکە، لە بەڕوو چەندین داو ودەرمان دروست دەکرێ، خواردنێکی تاڵە ئەگەر بە خاوی بخورێ و دوای برژاندنیش یان خستە ناو ئاگرەوە، تامەکەی دەگۆڕێ و شیرین دەبێ، سەری بەڕوو کڵاوێکی هەیە و پێیدەگوترێ (جەفت) ئەو قنچکەیە سوودی هەیە لە پاککردنەوە و دروست کردنی جەفت و مەشکە و هیزە و یان پێستی پێ خۆش دەکرێ، سەری بەڕوو پێیدەڵێن : قنچك، بەر لەوەی بەڕوو ببرژێنرێت و ئەو قنچکەی لێدەکرێتەوە بە چەقۆ یان یان شتێکی تیژ، دواتریش بەڕوو دەخرێتە سەر شوێنێکی گەرم یان نزیك لە ئاگر و هێواش هێواش دەبرژێ و داوتر دەخورێ، بەڕوو ئەگەر قنچکەکەی لێنەکرێتەوە و لەگەڵ گەرم بوون دەتەقێ و دەنگێکی بەرزی لێدەردەچێ، و بۆیە سەری بەڕووەکە لێیدەکرێتەوە تاوەکو دەنگی نەیەت، دار بەڕوو لە کاتێکدا کە نەرمە و لێدەکرێتەوە و دەکرێتە گۆپاڵ، هەروەها دەکرێ سوود لە جەفتی بەڕوو وەربگیرێ وەك خواردنێك بۆ ئاژەڵان و گیانداری خۆماڵی یان هەر بە ئاسایی دەدرێتە گیانداران و ئەوانیش دەیخۆن.

# ئاگر و ئاگردان لە کوردەوارییدا

لە کوردەواریدا جگە لە قسەی نەستەق و پەند و وتە بەهێزەکان، هەروەها چەندین کاریش ئەنجام دراوە، دەتوانین یەکێك وەك بیرۆکەیەکی بەهێز وەربگرین ئەویش سەرچاوەی ئاگر و ئاگردانە لە ژیانی کوردەواریدا.

ئەو وێنانە گوزارشت لە ئاگردان و سەرچاوەی ئاگر و گەرمی دەکەن، زیاتریش سەرچاوەکانی پێشوو لە دار بووە، لە وەرزی پاییزدا کاتێك دارەکان زەرد و وشك دەبوون، خەڵکەکە هەڵدەستان بە بڕینەوەی ئەو دارانەی کە دەکرێ بەشێکی لێ بکرێتەوە و دواتریش هەڵدەگیران بۆ وەرزی زستان، ئینجا ئەو دارانە بۆ سۆپای دار و مەقلی و ئاگردان و نان کردن بەکاردەهێنرێن، ئەوەی یەکەم بریتییە لە خشتێك لە شێوەیەکی بچووك وایە، زیاتریش لە قوڕ دروست دەکرێ و دواتر لە شێوەی خشتێکی لێدەکرێ، زۆربەی لاینەکانی کون دەکرێ تاوەکو هەوا بکێشێ و دووکەڵەکە بچێتە دەرەوە، ئەمەش بیرۆکەیەکی بەهێز بووە کە چۆن توانیویانە ئەم جۆرە کارانە بکەن، ئەوەی دیکەش ئاگردانی سرووشتییە و لە شوێنێك چەند بەردێك کۆ دەکرێتەوە و لە شێوەی بازنەیی دادەنرێ و دواتریش دار دەخرێتە ناوی یان بە ستوونی دادەنرێن و هێواش هێواش دارەکان گڕ دەگرن و دەبن بە خەڵووز و ڕەژوو، بەمەش سەرچاوەی گەرمی و ئامادەکردنی چێشت و خواردن و خۆ گەرم کردنەوە دەبێت.





# لەیدی گاگا بۆتە داری کریسمس!



هونەرمەند و کەسایەتییە ناودارەکانی جیهان، جگە لە ژیانی تایبەتیی خۆیان، کەچی بە جۆرەها شـێواز کاری ڕۆژانەی خۆیـان بەڕێ دەکـەن و هەندێـك جاریش بە حاڵەتی سەیر و لە ناکاویش بەدەردەکەون، بەبۆنەی هاتنی سـەری سـاڵی تازەی (٢٠١٤) لە شاری لەندەنی پایتەختی بەریتانیا، ئاهەنگێکی پێشـوەختە بۆ ئەو بۆنەیە سـازکرا، وەکو حاڵەتـە باوەکاندا، کچە گۆرانیبێژی جیهانی (لەیدی گاگا) بە جلە شـێواو و جووڵە سەیرەکانییەوە لەم ئاهەنگەدا دەرکەوت، ئەوەی زیاتر تێبینی دەکرا، جلەکانی ئەو خاتوونە بوو کە لە داری کریسمس پێکهاتوو، تەنانەت کڵاوێکی لەسەر کردووە، لە شێوەی سەرەوەی داری کریسـمس وایە، هەر بەم جلەشـەوە ئاهەنگەکەی سازکرد. ..و ئاهەنگەکەی زیاتر گەرم کرد.

# گەورەترین کێک لە جیهاندا

کاتێك کارێك ئەنجام دەدرێ لە شێوەی ئاسـایی خۆی نابێ، یان لە ڕوانینێکی دیکەوە سـەیر دەکرێ، دەبێتـە یەکێك لـە بەرهەمـە سـەیرەکان، هەندێك لەو کارانەش بۆ خۆشی و هەندێکی دیکەش بۆ وەرگرتنـی نازنـاو و تۆمارکردنی ژمـارەی پێوانەییە، وڵاتی چین یەکێکە لـەو وڵاتانـەی کە بە وڵاتـی دایکی سەیروسـەمەرە ناسـراوە، بەم دواییە لە سـەیرترین کارەکانیـان گەورەتریـن و خۆشـترین کێکیان دروسـتکردووە، لە چاینا مۆڵ یەکێکـە لە مۆڵە گەورە و بەناوبانگەکانـی ئەو وڵاتە و گەورەترین کێك تیایدا دروسـت کـرا، درێژی ئەو کێکە گەیشـتە (٨) مەتر و کە لە (٨) چینیـش پێکهاتبـوو، نزیکەی (٥٠٠) کیلۆگـرام هێلکەی تێکرابـوو، لەگەڵ (٢٦٠) کیلـۆ ئـارد و (٢٠٠) کیلـۆ گـرام لە کرێـم و (١٠٠) کیلۆ میوە و (٨٠) کیلۆ شـیکۆڵاتە، کێشی کۆتایی گەیشـتە (١٨١٤) کیلۆگرام و ماوەی شەو و ڕۆژێك پێوەی خەریك بوون تاوەکو کێکەکەیان دروستکردووە.



# سانتا کلۆز (بابا نوئێل) بناسە !



لەگەڵ هاتنەوەی هەر، ساڵێکی زایینی، چەندین بۆنە و ئاهەنگ و ڕێوڕەسـمی جیاجیا ئامادە دەکرێ، بۆ پێشـوازی کردن لە سـاڵی تازە، بەڕێ کردنی سـاڵی پێشووش بە دڵێکی فراوان، لە چەند ڕۆژێك پێشی سەری ساڵ، لە شوێنە گشتییەکاندا پیاوێکی پیر بە ردێنی سپی و بە جلێکی سـوورەوە دەردەکەوێت، زیاتریش لەلایەن ئەو شوێنەوە ڕادەسـپێردرێ تاوەکو ئەو کارە بـکات، ئەو پیاوە پیرە پێیدەڵێن (سانتا کلۆز) یان بە ناوە گشتییەکەی باوە کە (بابا نوئێل)ە، وەك داسـتانێکی مێژوویی و چیرۆکێکی خەیاڵی بـاس دەکرێ و زیاتریش منداڵان گرنگی پێدەدەن، بەڵام چیرۆکـی ئەو بابەتە دەگەڕێتەوە بۆ سـەدەی (١٥)ی زایینی کـە پیاوێکی ئایینی کریسـتیان (نیکۆلاس) بووە و کاری ئەو پیاوە دابەشـکردنی دیاری و خەڵات بووە بەسـەر خەڵکی هەژار و کەم دەرامەت، زیاتریش شـەوانە ئەو کارەی دەکرد تاوەکو کەس پێنەزانێ، بۆیە ئێستاش منداڵان وا خەیاڵ دەکەن کە لە شـەوی سەری ساڵ (سانتا کلۆز) بێت و خەڵات دابەش بکات، لە کوردستانیش پێشوازی لەم یادە دەکرێ و وێڕای ئەوەی شارەکانی کوردستان ڕازاوەتەوە بە داری کریسمەس و ڕووناکی و وێنەی جوان کە لە شوێنەگشتییەکاندا دەبینرێن و تەنانەت لە شەوی سەری سالێش چەندین ڕێوڕەسم و ئاهەنگ ئامادەکراوە، هەروەها کەسانێك هەن ئەو جلەی بابا نوئێل لەبەر دەکەن و منداڵان دڵ خۆش دەکەن. ئەو پیاوە پیرە چەندین ناوی لێنراوە لەوانەش: (سانتا کلۆز — قەدیس نیقۆلا — کریس کرینجەل).




## وتەی ناوداران



**- بێرتراڵند راسڵ دەربارەی ژیان دەڵێ :**


ژیان قوتابخانەیە، خەڵکی پرسیارەکانییەتی، ڕۆژەکانیش، وەڵامەکانن.

## وتە

**- خەڵك بخەیتە گریان بە وتنی ڕاستی، باشترە لە درۆیەك بۆ ئەوەی بیانخەیتە پێکەنین.**

## مانای خەون

**--کەوتنە ناو ئاو: ئەوەی لە خەودا بکەوێتە ناو ئاوێکی قوڵ و دابەزێتە خوارەوەو نەگاتە ژێر ئاوەکە، ئەو کەسە زۆر دەژی و تەمەنی درێژ دەبێ و تەنانەت زۆر شت فێر دەبێ و دەزانێ و دەبینێ، چونکە دەریا دنیایە، هەروەها گوتراوە کەوتنە ناو ئاو خێر و خۆشی دێنێ.**



**کاوڕ ٣/٢١ - ٤/١٩**

بایەخ بەکارەکانت بدە. ئەمڕۆ لەپەیوەندیی سۆزداریدا سەرکەوتوو نابیت و بەخت لەم بارەیەوە یاوەرت نابێت. لەو کاتانەدا ئارام گرتن لەهەموو شتێك باشترە بۆت..



**گا ٤/٢٠ - ٥/٢٠**

شێوازی هەڵسوکەوتت لەگەڵ ئەندامانی خێزانەکەت بگۆڕە. خۆت لەکێشەی خەڵك بەدوور بگرەو زمانت بپارێزە تاتووشی گرفتێکی گەورە نەبووی.




**دووانە ٥/٢١ - ٦/٢٠**

بەڕێزەوە مامەڵە لەگەڵ هاوڕێکانت بکە . با گرفتە لاوەکییەکان کاریگەریی نەکەنە سەر خۆشەویستەکەتەوە، ئاگاداری مامەڵەکردنت بە.



**تەرازوو ٩/٢٣ - ١٠/٢٢**

ئەوەی لەناو دڵتدایە با بەردەوام لەسەر زارت نەبێت. کاتێك لەگەڵ ئەندامانی خێزانەکەتدا دەدوێیت زاراوەی جوان و شیرین هەڵبژێرە.



**دووپشک ١٠/٢٣ - ١١/٢١**

بەئارامی مامەڵە لەگەڵ رووداوەکان بکە و کەسانی دەوروبەرت مەتۆرێنە. سەرکێشی و رووبەڕووبوونەوەی مەترسییەکان زیانت پێدەگەیەنن.



**کەوان ١١/٢٢ - ١٢/٢١**

کەسێك لەبواری کارەکەتدا دەیەوێت زیانت لێبدات. ئاگاداربە ئەمڕۆ کاتی ئەوە هاتووە هەست و سۆزی دڵت بە بەرامبەرەکەت بگەیەنیت.




## یاری پیت ریزکردن

هەوڵبدە ئەو پیتانەی ناو بازنەکان ڕێکبخەی ناوی تونێلێکە لە کوردستان بۆ دەردەچێت :

ێ م ب خ ە

وەڵامی ژمارەی پێشوو: مەم و زین



**قرژاڵ ٦/٢١ - ٧/٢٢**

ئەوەندە خۆت بەکەساس نەیەتە بەرچاو. لای هەر کەسێك باس لەگرفتەکانی ژیانت مەکە. باری داراییت باشتر دەبێت.



**شێر ٧/٢٣ - ٨/٢٢**

ئاگاداری تەندروستیی خۆت بە. ئەمڕۆ خەریکی ڕێکخستنەوەی کارەکانت دەبیت و ئەرکە دواخراوەکان جێ بەجێ دەکەیت.



**گوڵەگەنم ٨/٢٣ - ٩/٢٢**

ئەوەندە بیر لەپارەو پوول مەکەوە، گرنگیی بەخۆشەویستەکەت بدە، بێزاریی بەرامبەری دەرمەبڕە، با لە تۆ بێزار نەبێ.



**گیسک ١٢/٢٢ - ١/١٩**

دەتوانیت بەئاواتەکانت بگەیت ئەگەر چارەسەریی کێشە پیشەییەکانت بکەیت. لەم زووانە هەواڵێکی خۆشت پێ دەگات. ئاگاداری باری تەندروستیشت بە.



**گۆزە ١/٢٠ - ٢/١٨**

گۆڕانکارییەك لەشوێنی نیشتەجێبوونت یان لەجۆری پیشەکەت ڕوودەدات. لەگەڵ پێشهاتەکاندا زیرەکانە مامەڵە بکە.



**نەهەنگ ٢/١٩ - ٣/٢٠**

لەدڵەڕاوکێ بەدووربە. لەژیانی پیشەییتدا سەرکەوتوو دەبیت. دەستکەوتێکی باش بەرێوەیە سوودی لێببینەو بەفیڕۆی مەدە.



## نوکتە

■ باوکێك بە کوڕەکەی دەڵێ: کوڕم بڕۆ ئەوماڵەی دراوسێمان چەکوشێکم بۆم بێنە، کوڕەکەش چوو و هاتەوە و گوتی: باوکە نییانە، باوکەکەش گوتی: کوڕم مادام وایە بڕۆی ئەوەی خۆمان بێنە!

■ یەکێك چێڵێکی دزیبوو، لەوکاتەی دەستگیری دەکەن و دەیبەن بۆ لای دادوەر و دادوەریش پێیدەڵێ: چیت کردووە؟ ئەویش دەڵێ گەورەم تەنیا گوریسێکم بردووە، ئەویش دەڵێ چۆن لەسەر گوریسێك گیراوی، ئەویش دەڵێ: گەورەم بەخوا گوریسێك بوو و چێڵێکی پێوە بوو!